# ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی ئازادی (حزبی شیوعی کوردستان) ەوە دەربارەی ڕوونکردنەوەکەی نوسینگەی سەرۆک کۆمار ... حزبی شیوعی کوردستان

پێمان سەیر بوو کاتێك ڕوونکردنەوەیەکی نوسینگەی سەرۆك کۆمارمان بینی دەربارەی هەندی لێدوان کە گوایە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان دەربارەی تاکرەوێتی سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانی وتویەتی و ڕۆژنامەی ( (الحیاە) ) بڵاوی کردۆتەوە.
سەرەتا دەبێت ئەوە ئاشکرا بکرێت کە هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان هیچ جۆرە چاوپێکەوتن و لێدوانێکی لەو جۆرەی بۆ ڕۆژنامەی ( (الحیاە) ) نەداوە و ئەو لێدوانەش کە بە ناوی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە بە هیچ جۆرێك ڕاست نیە و شێوێنراوە.
حزبی شیوعی کوردستان سیاسەتی ڕوون و ئاشکرای هەیە و هەڵوێستی بەرامبەر هەردوو سەرۆك تاڵەبانی و بارزانی، لە زیاتر لە بۆنەوەیەکدا ڕاگەیاندووە و دواهەمینیشیان دەنگدانی بووە بۆ کاندید کردنەوەی بەڕێز مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمار لە لیستی هاوپەیمانی و دەنگدان و پشتیوانیکردنی لە بەڕێز بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا، هەروەها لەگەڵ دروستبوونی هەر گرفت و ئیشکالێکدا لە ڕێگەی کۆبونەوەی دوو قۆڵی و گفتوگۆوە پەنای بۆ چارەسەرکردنیان براوە و پەنا بۆ هیچ جۆرە ڕێگەیەکی تر نەبراوە.
دەبوو نوسینگەی سەرۆك کۆمار پەلەی نەکردبا لە وەڵامدانەوەیەکی لەمجۆرە و پێش ئەوەی باوەڕ بە بڵاوکردنەوەیەکی هەڵبەستراوی وەك ئەوەی ( (الحیاە) ) بکات، بگەڕایەتەوە بۆ دوا ژمارەی هەفتە نامەی ڕێگای کوردستان کە ئەو زمانحاڵی حزبی شیوعی کوردستانە دەربارەی هەڵوێستی حزبی شیوعی کوردستان لە بەرامبەر ئەو دوو سەرۆکە بەڕێزە، بۆیە نەدەبوو نوسینگەی سەرەك کۆمار هەروا هەواڵێکی ( (الحیاە) ) بخاتە بەرامبەر مەبدەئو هەڵوێستە ئاشکراو ڕوون و دیارەکانی حزبی شیوعی کوردستان بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە بە هیچ جۆرێك ئەوەی لە ڕۆژنامەی ( (الحیاە) ) بڵاوکراوەتەوە لێدوانی هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی سیوعی کوردستان نیە و ڕۆژنامەکە خۆی ئەمانەتی گواستنەوەی لێدوانی لە دەست داوە و بە ڕوونکردنەوەیەکی ڕەسمیش نوسینگەی ( (الحیاە) ) ئاگادار کراوەتەوە.
لە ئایندەیەکی زۆر نزیکیشدا ڕوونکردنەوەی ڕەسمی حزبی شیوعی کوردستان لەمبارەیەوە بڵاو دەکرێتەوە.

ڕاگەیاندنی ئازادی
حزبی شیوعی کوردستان
سلێمانی
٢٠٠٦/٢/١٠